# سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری کۆبونەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری فایق زەیدان کۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە میانی کۆبوونەوەکەدا، تاوتوێی کۆمەڵێک دۆسیە و ڕێوشوێنە دادوەرییەکان کرا کە گیراونەتەبەر لە پێناو سەروەری یاسا و پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری وڵات.

هەروەها هەردوولا گفتوگۆیان کرد لەسەر گرنگی بەهێزکردنی ئەو هەوڵانەی دەسەڵاتی دادوەری عێراق لە لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە یاری بە بژێوی خەڵک و دراوی بیانی دەکەن بۆ ئامانجی تێکدانی سەقامگیری بازاڕ و کاریگەر کردن لەسەر بارودۆخی ژیانی هاووڵاتیان و تێکدانی پلانەکانی حکومەت بۆ بەدیهێنانی چاکسازی ئابووری و دارایی.